

ڕەشاد - مستەفا سوڵتانی

حەوتی نەورۆزی 1394 ی هەتاوی

## دیکۆمینتە سیاسیەکانی هەورامان و مەریوان !

مەریوان : دژی شاپور ناوی شارێکی خنجیلانە و زۆر جوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، کە کوڵە دیکتاتورەکانی ئێرانی، جاران بە مەریوانیان دەگوت . لە سەر نەقشەی جوگرافیا و لە کتێبە دەرسیەکان هەر " دژی شاپوور "نوسرابوو . وشەی " دژ" لە زمانی فارسیدا بە مانای قەڵا هاتوە و ، دژی شاپور یانی قەڵای شاپور . پاشان ناوەکە گۆڕا و بوتە قەڵای مەریوان . مەریوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵکەوتوە و پێدەشتەکان، مەزراکان و دارستانەکان و لێرەوارەکانی سروشتێکی جوان و دڵڕفێنیان بەم شارە داوە . گوڵالە سوورەی پێدەشتەکانی مەریوان ئەوەندە زۆرە کە شاعیری پایەبەرز ماموستا قانێع ئیلهامی لێ وەرگرتوە و ناوی یەکێک لە کتێبەکانی گوڵاڵە سوورەی مەریوانە . لە نزیکی ئەم شارە گۆمی زرێوار( زریبار ) هەڵکەوتوە ، کە تەنیا دەریاچەی ئاوی شیرینی سەر کورەی عەرزە . دەریاچەکە هەنگاو بە هەنگاو، لە مەترسی فەوتان دایە . ئەگەر شارۆمەندانی کورد فریا نە کەون ژینگە ،ئیکۆسیستم و باری ئیکولۆژی دەریاچەکە،ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خراپ تر دەبێت و پێ دەچێت ناوی دەریاچەی زرێوار هەر تەنها لە ئارشیوی کتێبخانەکاندا بمێنیتەوە . بەتایبەت حکومەتی مەلاکان ڕووبارێکی تریان بەرەو ناو دەریاچەکە هێناوە ، کە زیندەورەکانی چەندین هەزار ساڵەی ناو دەریاچەکەی فەوتاندووە و لم و زیخێکی زۆری لە سەر کانیاوەکانی ناودەریاچەکە داناوە . مەترسی پڕ بونەوەی سەرچاوەی کانیاوەکان لە ئارادایە . هیچ شێوەیەکی عیلمی و زانستیانە بۆ پاراستنتی ئەم دەریاچە تاقانەیە، ڕچاو نە کراوە . مەریوان چەندین گەڕەکی هەیە کە هەر کامیان بە ناوی خەڵکی کۆچ کردوەوە ناو نراوە . وەک گەڕەکی : هەورامییەکان،گەڵباخیەکان، کۆماسییەکان ، سەرشیویەکان و ژاوەرۆیەکان . پادەگانێکی گەورە لە نزیکی شار وەکوو" مار" پەپکەی خواردوو و ، هەموو پیلان ، جاسوسی و سەرکوتەکانی داگیر کەر لەم پادگانەوە ڕێک دەخرێت .

### 1. هەڵویستی ڕادیکاڵی پێشڕەوانی مەریوان !

لە ڕۆژی 6 ی خەرمانانی 1309 ی هەتاوی ( 6 ی ئەیلولی 1930ی زاینی ) شارۆمەندانی سلێمانی ڕژانە ناو شەقامەکان و لە بەر دەرکی سەرا کۆ بونەوە ودژ بە سیاسەتەکانی حکومەتی بەغدا و هەڵبژاردنەکان، بە شێوەیەکی شارستانیانە و دوور لە توند و تیژی خۆپیشاندانیان کرد. سەرجەم 2500 کەس لە ژنان و پیاوان ، بە دەستی خاڵی دژی عەسکەرەکانی حکومەتی شەڕیان کرد و هەڵویستی مێژوویيان لەم ڕۆژە ڕەشەدا ، بە خەباتێکی مەدەنی و شارستانی و بێ تفەنگ و چەک بۆ دانیشتوانی سلێمانی و گەلی کورد تۆمار کردووە . لەو ڕاپەڕینەدا نزیکەی 60 کەس کوژراوە و دەیان کەس بریندار و لە پێشڕەوان نزیکەی 100 کەس گیراون و بەرەو زیندانەکانی کەرکووک ، کۆچ دروان . ئەم ڕوداوە سیاسیە ، لە گۆڤاری " ڕۆشنبیری نوێ" ژمارەی 140 ساڵی 1977 لە لاپەڕەکانی 11- 9 بڵاو کراوەتەوە .

هەر لە ساڵی 1309ی هەتاوی( ساڵی 1930 ی زاینی ) خەڵکی پێشڕەو و ئازادەی مەریوان، هەڵویستی ڕادیکاڵی خۆیان گرت و  بە بروسکە پشتیوانی و دیفاعی خۆیان لەو ڕاپەڕینە، کە لە  بەر دەرکەی سەرای سلێمانی  ، ڕوی داوە دەر بڕیوە و تەلگرافێکیان بۆ پشتیوانی لە گیراوەکان بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان ناردووە و ، داوای ئازاد کردنی وڵات پارێزان و نیشتمان پەروەرانی سلێمانیان کردووە  . ئەم بەڵگە وسەندە مێژووییە ،سکاڵای  ون کراوە . بێگومان ئەم دیکومینتە لە ئۆرگانە   جاسوسیەکانی حکومەتەکانی ئێران هەیە ، ئەمما لە خەڵکی کورد نهێنی کراوە . قۆناخی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگای هەورامان و مەریوان ، دەورانی فیئودالی بوە . ئەو تەلگرافە لە لایەن دانیشتوانی مەریوانەوە  ناردراوە . بە داخەوە ناوی ئەو کەسانە دیار نیە و  هێشتا هەر گومە .

## 2.  میداڵی ئاتاتورک و هەڵویستی ئازادیخوازی هەورامان

ئاڵمانیەکان ، حکومەتی ڕەزا شا  ، کەمالیستەکانی تورکیا وتاڕادیەکیش شیخ مەحمودی مەلیک، بۆ دژایەتی کردنی دەسەڵاتی ئینگلیزیەکان  لە ناوچەکەدا،  خاڵی هاوبەشیان کەم نە بوو و تەقریبەن لە یەک بەرەی نایەکگرتوودا، دژی سیاستەکانی بەریتانیا بوون . بە مەبەستی دەرپەڕاندنی ئینگلیز لە دەڤەری سلێمانی ، مەحمودخانی دزڵی( 1946 -  1870  زاینی) نامەیەکی بۆئاتاتورک نوسیوە و لە نامەکەدا داوای تفەنگ و ئامێری نیزامی کردووە  ، تا بتوانی  لە شاری سلێمانی دژی دەسەڵاتی بەریتانا شەڕ بکات . کەمالیستەکان وڵامی نامەکەیان نە داوەتەوە و یارمەتیان نە ناردووە . ئەم هەڵویستەی کەمالیستەکان لە سەر دڵی مەحموود خان قورسایی کردووە وئیتر متمانە و باوڕی بە کەمالیستەکان  نە ماوە . پاشان بار ودۆخەکە ، بەرەو خاڵی وەرچەرخان نزیک بوەتەوە و کەمالیستەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان ، دەیانەویست لە بزووتنەوەی کورد کەڵک وەر گرن . لەم پێڤاژەیەدا، بە خاتری خەباتی بێ وچانی مەحمود خان دزڵی دژی بەریتانیا میداڵی پێزانین و قەدردانیان لە ساڵی 1309 ی هەتاوی ( 1928 ی زاینی ) بۆ ناردووە ،کە ئەویش بە هەڵویستێکی پێشڕەوانە ، لێبڕاوانە و جوامێرانە نرخی بۆ دانەناوە و  وەری نە گرتوە.

## 3.  پیلانی سێ  داگیرکەر لە شاری مەریوان

شیخ مەحمودی مەلیک لە" ئاو باریک" لە گەڵ هیزی هەوایی بەریتانیا شەڕی کردووە  . بومبارانەکان تائەو ئاستە خست و خۆڵ بووە کە  هێزی جەنابی شێخ و لایەنگرانی ورەیان ڕووخاوە. ناچاربە پاشەکشە کراون و ، بەرەو سنووری دەستکرد گەڕانەوە و لە ئاوایی " پیران "  کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵکەوتوە گیرسانەوە . هاتنی جەنابی شیخ مەحموود و  هێزەکەی بۆ پیران ، لەلایەن داگیر کەرانەوە تەحەمول نەدەکرا . هەر بۆیە مەلیک فەیسڵ ، ڕەزا شاو ئیمپراتوری بەریتانیا ، ساڵی 1310ی هەتاوی دژی بزووتنەوەی جەنابی شیخ مەحموود لە شاری مەریوان ، لە سەر کۆبونەوەیەکی  بەر بڵاو ڕێک کەوتن  . نوێنەرانی  پایە بەرزی بەریتانیا ،حکومەتی عێراقی و ئێرانی لە مەریوان کۆبونەوە و پیلانێکیان داڕشت . ڕۆژی  5 ی ڕەشەمەی 1310 هەتاوی ( ڕۆژی 5 ی مارسی 1931 ی زاینی ) فەرماندەی هێزی عێراقی لە باشوری کوردستان بە ناوی سەر هەنگ خەلیل زەکی و نوێنەرێکی پایە بەرزی بەریتانیا بە ناوی ڕۆبرتز * ، سواری فڕۆکە بوون و بەرەو مەریوان ڕویشتن و  فڕۆکەکە لە دەشتایی قەراخ شار نیشتەوە . لە شاری سنەوە نوینەری ئێرانیەکانیش بە ناوی ژنراڵ مەحموود ئەمین  هاتە مەریوان و لە کۆبونەوەکە بەشداری کرد .

**ئاکامی کۆبونەوەکە:**

1- کۆبەنەوە سێ قوڵیەکەی ئێران ، بەریتانیا و عێراق  لە قەڵای مەریوان  بە تیر و تەسلی کرا وئامانجی داگیر کەرانی  دەستەبەر کرد و سەرکەوتوانە نرخێندرا .

2- هەر سێ حکومەتی داگیر کەر لە سەر هاوکاری بە پەلە و ڕاستەوخۆ ڕێک کەوتن . وهێزێکی لیهاتوو ، کارامە ، و داپڵوسێنەریان لە هەر دوو وڵاتێ ئێران و عێراق بۆ تە رخان کرد.

3- بۆ ئاسان کاری بڕیاریان دا، هێزەکانیان لە ئامێر و کەرەسەی نیزامی مودێرن و لە بێ سیم( بێ تەڵ ) بۆ ڕاپەڕاندنی خێرای هێرشەکانیان کەڵک وەر گرن .

4- ڕۆژی 14 ی نەورۆزی 1310 ی هەتاوی (چواردەی مارسی 1931) دیاری کرا ، کە ئامادە دەبن بۆ ئەوەی هێرش کەنە سەر گوندی پیران و شیخ مەحمود و لایەنگرانی قەلاچۆ کەن .
5- ڕوژی شانزدەی 16 نەورۆزی 1310 هەتاوی ( شانزدەی مارسی 1931 ی زاینی ) دیاری کرا تا سەربازەکانی ئێران لە نزیک ئاوای پیران گەمارۆی هێزەکانی شیخ مەحمود بدات. و هەمان ڕۆژیش هیزەکانی عێراق پسکۆ پسکۆ بەرە ئاوای پیران خۆیان نزیک کەنەوە . و فڕۆکەکانی بەریتانیاش بۆ هێرشی هەوائی و بومبارانی گوندی پیران ئامادە بوون .
بە جەناب شێخ مەحمود ئولتیماتۆم درا ئەگەر دەست لە بەرەنگاری وخەبات هەڵنەگرێ ، هەر سێ هێزی ئینگلیزی، ئێرانی و عێراقی " هێرشی بەر بڵاو و هاوکات " بۆ سەر هێزەکانی دەست پێ دەکەن . بە داخەوە ڕۆژی سیزدەی 13 ی نەورۆزی 1310 ی هەتاوی ( سیزدەی مارسی 1931ی زاینی ) جەناب شێخ مەحمودی مەلیک بڕیاری خۆی دا، و دەستی لە خەبات هەڵگرت . ئەو شەوە بەرەو پێنجوین ، گەڕایەوە و ولە کازیوەی ڕۆژی چواردەی نەورۆزی 1310ی هەتاوی ( چواردەی مارسی 1931 ی زاینی ) لە گەڵ نوێنە ری هەرە باڵایی بەریتانیا قسە و باسێکی دوور و درێژی دەبێت و . لەو سەدرمەدا فڕۆکەوان ڤیڤان هۆڵت ، کە بە فڕۆکە جەناب شێخ مەحمود و هیزەکەی چەندین جار بوردومان کردوە لە گوزارشێکدا بۆ حکومەتی بەریتانیای نوسیوە : شێخ مەحمود وەک گاریباڵدی وا بوو . لە کاتی گواستنەوەی جەنابی شێخ بۆ سلێمانی خەڵکی دەڤەرەکە بە گشتی و لە کوێستانەکان و پێدەشتەکانەوە و ، هەروەها خەڵکی شارەکانی سلێمانی و کەرکووکیش بەرە و پێشوازی و دیدای ئاخر لە شێخ ڕژانە سەر ڕێگای و بە چاوی فرمێسکاوی و ئەسرینەوە دەستیان ماچ کرد و خودا حافزیان لێ کرد .

4- دوو نامە بۆ کۆمەڵەی گەلان !

دوونامە سەبارەت بە دامەزراندنی حکومەتی کوردی لە باشوری کوردستان لە لایەن" جافر سان" ی لهۆنەوە ساڵی 1310ی هەتاوی (1931 ی زاینی) بۆ کۆمەڵەی گەلان ناردراوە . جافر سانی لهۆن( 1885 -1942 زاینی) بە جەسارەتەوە دژی دەسەڵاتی ئینگلیز هەڵویستی گرتوەو، کۆمەڵەی گەلان وڵامی دوو نامەکە ی داوەتەوە . ئەمما لورد پاسفیلد نوێنەری بەریتانا ، ڕاپۆرتێکی بۆ حکومەتی ئینگلستان، کە ئەو کاتانە بڕیار دەری سیاسەتی جیهانی بووە نوسیوە و ئاماژەی کردووە ، کە جەعفەر سوڵتان ئێرانیە و کەسێکی یاخی و دژی بەریتانیا چەکی هەڵگرتوە . لە ڕۆژنامەی" ئەختەر" کە عوسمانیەکان بە زمانی فارسی چاپیان کردووە و بە سنە و کرماشانیش گەیشتوە، ڕەنگە ئەم ڕوداوە باس کرابێت . ئەختە ر ڕوداوەسیاسیەکانی جیهانی تەرجومە دەکردەوە و بار و دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەلی کوردی باس دەکرد . بیگومان ڕۆژنامەی ژیان ، ئەم هەڵویستە بە نرخەی تۆمار کردووە . جەعفەر سوڵتان ساڵی1311 ی هەتاوی( 1932 ی زاینی) دژی حکومەتی ئێران ڕاپەڕی و گەلێک سەرکەوتنی چاکی بە دەست هێنا . ئەمما ئەرتەشی ئێران، بۆ دامرکاندنەوەی ئەو ڕاپەڕینە هێرشی بەربڵاوی لە دەڤەری کرماشان ولهۆنەوە دەست پێکرد. جافر سان لە ناچاری پەنای بە حکومەتی عێراقی برد و لە شاری ڕومادی پەنایان دا. تەواو 26 03 2015

ڕوونکردنەوە: * دیکومینتی زۆر لە لایەن مێژونوسانەوە تۆمار کراوە و، بێگومان بابەتێکی کەم زانراو نین . ڕەنگە هەندی لە شارۆمەندانی ڕۆژ هەڵاتی کوردستان لەم بەڵگەنامانە، کە دەس چین کراون، ئاگادار نە بن.

1- گیوسپ گاریباڵدی : ڕێبەرێکی وڵاتی ئیتالیا بوە ، کە لە شۆڕشی مەزنی فەرانسا بەشداری کردووە . هەموو ولایەتە جیاجیا و ئەمارەتە سەربەخۆکانی ئیتالیای لە ژێر یەک ئاڵا ویەک دەسەڵاتدا کۆ کردوتەوە و قەوارەی جیوگرافی ئەمڕۆی ئیتالیای پێک هێنا . تەنانەت دوورگەی سیسیل شی بە زۆری شمشیر خستە سەر خاکی ئیتالیا .
2- بیلینسکی و گۆگۆل گۆرانیان بە مێژووی گەل ناو بردووە . گۆرانی هاو تای جوانیە و، لە ناو ژانرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆردا ، جێگایەکی تایبەتی هەیە . ئەم شێعرە فولکلۆریە، فراوان ترین هەستی کۆمەڵانی خەڵک دەر ئەبڕێ.
قەڵای مەریوان ، پاڵم دا پێوە --- قەڵاکەم ڕووخا ، پاڵ بدەم بە کوێوە !

3- ڕۆبرتز: ناوی نوێنەری ئیمپراتوری بەریتانیا بووە ، کە زمانی کوردی بە باشی زانیوە و لە کۆبونەوەکەی مەریوان ، بەرپرسی هەموو پیلانەکان بووە . Roberts

سەرچاوەکان : بە زمانی ئینگلیزی، کوردی و فارسی بۆ زانیاری زۆر تر


1- Armstrong, H.C: Grey Wolf, Mustafa Kemal , London 1932
2- Hurevitz j.c : Diplomacy in the near and middle east .A documentary record 1914-1956
3- W.S Churchill . the second world war . london 1950
4- Edmonds, kurds, turks and arabs. Politics travel and research in north Iraq . 1919-1925

1- مەحموود خانی دزڵی ، شۆڕشگێری ڕۆژ هەڵاتی کوردستان .عومەر مەعروف بەرزنجی، سلێمانی 2000
2- 2- دوکتور کەمال مەزهەر ، ئاوڕ لە مێژوو دەداتەوە . ئامادە کردنی زانیار سەردار قرگەیی 2011
3- 3- جەماڵ نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، کوردۆ لە ئاڵمانیەوە کردویەتی بە کوردی ، بنکەی چاپەمەنی ئازاد ،سوید 1985
- ایلات و عشایر کردستان، عبدالحمید حیرت سجادی ،سنندج دانشگاه کردستان 1381
- تاریخ روابط خارجی ایران ،عبدالرضا هوشنگ مهدوی ،چاپ سوم انتشارات امیر کبیر ، تهران 1364